# حوكمی ڕۆژووشكاندن لەڕەمەزاندا بەبێ بیانویەكی شەرعی

[ kurdish – كوردی – كردي ]

**شێخ صالح الفوزان**


**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ حكم الإفطار في رمضان بغير عذر شرعي ﴾

« باللغة الكردية »


## الشيخ صالح بن فوزان الفوزان



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی ڕۆژووشكاندن لەڕەمەزاندا بەبێ بیانویەكی شەرعی

**پرسیار:** ڕەمەزانی ساڵی پار شتێك ڕوویدا بەبێ هیچ بیانویەكی شەرعی چەند ڕۆژێك بەڕۆژوو نەبووم، ئایا تەنها هێندە بەسە كە قەزایان بكەمەوە؟ وە ئایا چی ترم لەسەر پێویستە بیكەم، چونكە بەڕاستی زۆر زۆر پەشیمانم وبڕیارمداوە إن شاء الله جارێكی تر كاری لەو شێوەیە ناكەمەوە .

**وەڵام:** الحمد لله والصلاة والسلام علی رسول الله وعلی آله وصحبه وسلم :

ڕۆژوو شكاندن وبەرۆژوو نەبوون لەمانگی ڕەمەزاندا بەبێ هیچ بیانوویەكی شەرعی هەڵە وتاوانێكی گەورەیە، خوا پەمانان بدات، وە پیویستە لەسەر ئەو كەسەی كارێكی لەو شێوەیە دەكات تەوبە بكات بەتەوبەیەكی ڕاست ودروست وبگەڕێتەوە بۆلای خوای گەورە وبالآدەست وپەشیمانیش دەربـبڕێت لەسەر ئەوەی لەدەستی چووە، وبەهیچ شێوەیەكیش لەداهاتوودا نەگەڕێتەوە سەر وەها كارێك و پارێزگاری بكات لەڕۆژوەكانی وبەبێ بیانووی شەرعی نەیانشكێنێت، ئەمجا لەگەڵ تەوبەكردنیش پێویستە لەسەری ئەو ڕۆژانەی كە شكاندویەتی یان بەڕۆژووە نەبووە قەزایان بكاتەوە

وبیانگرێتەوە، بەڵکو خوای گەورە لێی خۆش بێت وبیبورێت، خۆ ئەگەر تاڕەمەزانێکی تر بەبێ هیچ بیانوویەکی شەرعی قەزای ڕۆژووەکانی نەکردەوە، ئەوا دەبێت دواتر لەگەڵ قەزاکردنەوەی هەر رۆژێکیشدا خواردنی هەژارێکیش بدات، بەڵام ئەگەر لەبەر هەر بیانویەکی شـەرعی نەیتوانیبوو بیانگریتەوە ئەوا واجبە تەنها قەزایان بکاتەوە .

خوای گەورە لەهەموو کەس زانا وشارەزاترە .